ئێران سەرکەنێی دەستوەردانی ئەمریکا لە پێیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و بە دووبەرەکی ناوی دەبات

باڵێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەغداد دەستوەردانی ئەمریکای لە پێیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان ئێران و عێراق ئیدانە دەکات ز بە دووبەرەکی ناوی دەبات.

باڵێزخانەکە لە بەیاننامەیەکدا، کەدەستی موتەبع کوتووە رایگەیاند: لەدوانەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی واژەکردنی یاداشتنامەی لەکتەگەیشتن بە هاوکاری نێوان ئێران و عێراق، بەگەی بەردەوامی هەوڵەکانی بەیاردەرانی ئەمریکایە بە وروژاندنی ناتبایی نێوان وڵاتانی دراوسێ و ئیسلامی.

لە وەڵامی هەوەستی دەستوەردانانەی ئەمریکا دوای واژەکردنی یاداشتنامەی لەکتەگەیشتنی ئەمنی ئێران و عێراق، باڵێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەئکیدیکردەوە، لە ئیرادەی هاوبەشی ئێران و عێراق بە پتەوکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ و ئیسلامی لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باش و ڕێزگرتنی یەکتر، ئەمەش گرەنتی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش لەسەر سنورە هاوبەشەکانیان و لە ناوچەکەدا.

وتیشی: لەدوانەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دژایەتیکردنی واژەکردنی یاداشتنامەی لەکتەگەیشتنی ئێران و عێراق بە هاوکاریکردن بە بەرزکردنەوەی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرەر،

دەستوەردانەکی قبوڵنەکراو لە پێیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ و سەربەخۆ پێکدەهێنێت، بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر ڕەبازی ناسەقامگیرکەری ئەمریکا بەرامبەر بە وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها بەڵگەی بەردەوامی هەوڵەکانی بەیاردەرانی ئەمریکا بە چاندنی دووبەرەکی لە نێوان وڵاتانی دراوسێ و ئیسلامیدا.

باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا جەختیکردەوە: ئێم جەرە هەوڵستە دەستوەردانانە پێشێلکردنی بنەماکانی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانە کە لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان دەوڵەتان دامەزراوە.

پێشتر، تامی بروس وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کاردانەوە بە واژەکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن سەبارەت بە هاوکارییەکانی نێوان ئێران و عێراق، وتی: ئەمریکا پشتیوانی لە سەروەری ڕاستەقینەی عێراق دەکات، نەك یاساگەلێك کە بیکاتە دەوڵەتێکی پاشکۆی ئێران.